

دانــــەر

**نامە نامۆکان**

نامەی سێیەم

هاوڕێ  وام ئەزانی کلیلە نهێنی یە کەی دەرگا ی داخراوی دڵم لای تۆیە ، کەچی تۆ وەك خەیاڵ هاتیت و وە ك خەیاڵ ڕۆیشتی!.. ئەفسوس چ قەدەرێك بوو !.. ئەوەی ئێمەی بەیەك ناسان عەشق بوو ئەوەش کە ئێمەی لە یەکتر جیا کردەوە هەر عەشق بوو ..!

عەشق وەك خەڵوزێکی گەش درەوشایەوەو لە کۆتایدا ڕەش داگەڕا هەر بووەوە بە خۆڵەمێش..!

سەیرە هاوڕێ لە باتی دڵی ئێمە دڵی ئەو کەسانە بڕیار ئەدات کە ماسکیان لە دەم و چاوایە، عەشق ئەکوژرێت،عەشق لەناو ئەبرێت،عەشق زەرد هەڵ ئەگەڕێت وەك گەڵایەکی پایز لە سێدارە ئەدرێت و تەرمەکەی ئەکەوێتە بەر پێ ی ڕێبوارانی شا ر..

عەشق چ یا ری یەکی جوانی بەردەستی مناڵێك بوو، عەشق چ درۆیەکی شیرین،چ ژە هرێکی تاڵ، چ وە همێکی پیرۆز بوو..!

ئێتر مەیەرەوە ئەی شای خەیاڵاَ تەنیا یی یەکەم جوانترە لە هەموو ئەو ئێوارانەی ئەگەیشتمە لوتکە بۆ ئەوەی بگەم بە تۆ..!

لە بیرتە ئێوا رەکانی ڕۆمانسیەت بەر لە خۆرئاوابوون،پێم بڵێ تا چەند ێك ڕاستە ئێوارەکانی قەدەر، تا کەی ئەمدە یتە دەست تاراوگە سپی یەکانی ون بوون !..هاوڕێ گومانم هەیە لە ترس،گومانم هەیە لە کردنەوەی دەرگا داخراوەکان..تۆ چەند ێك پڕی لە حەقیقەت؟... چەند ێك پڕی لە خەیاڵ ..!

من ڕاهاتووم لە تەنیایی مەمدەرەوە دەست قەدەری ڕەشەبا، مەمدەرەوە دەست نمەی بارانی ئەود یو سنوور..

تۆ کە لە سپێد ەی خۆری بەیان ئەچیت زۆر ئەستەمە هاوڕێ بتەوێ تێ بگەی لە دەرونی من ..

دەرونی من خەندەکانی لێ دزراوە، سەردەمێکە هەوارێکی خاڵی یە ،بە نۆتەکانی میوزیك ئارام نابێت،لەو ڕۆژەوە کەوتە بەر تاسەیەکی گەورە پەنجا درزی تێ کەوتووە...تا سەیەکی گەورە هەموو ژیانی نقوم کردم.. تۆ ئەتەوێت چی بخولقێنی چی بێنیتەوە بوون!..هەوڵ مەیە بمکەیتەوە بە خۆم من بووم بە ڕۆمان بە تراجیدیا من ونم بووم بە خەیاڵ ،بووم بە ئەدرەسی ملیۆنەها دڵی شکاو ..من ئەگەڕێم بە شوێن هەنگاوەکانم هەنگاوی جێماو . .!

هاوڕێ ئێستا لە نامۆیی نامۆترم،ئێستا هەموو فرمێسکەکانم ئەچنەوە سەر ڕێ ی دەریا،ئێستا شەپۆلەکانم توڕەن وەك توڕەیی ڕەشەبا پڕن لە نائومێدی پڕن لە ئاوابوونی خۆر !

ئێستا دڵم لە دڵۆپە ی باران ناسکترە ..هەوڵ مەیە دوا تنۆکی فرمێسکەکەت بە ر دڵی من کەوێت..باسی چ خۆشەویستی یەك ئەکەی! ..ئێتر با ئاسمانی هیچ دوو چاوێك فرمێسك دانەکاتە سەر دڵی من ،تازە دڵم خاکێکی ئازاد کراوە کێ ئەتوانێ داگیری کات ..تە نیایی من لە دوا پلەی باڵایا یە کێ پێ ی ئەگات!..کێ ئەتوانێ پەی بە نهێنی دڵ شکان ببات ..!

تۆ پێت وتم ژیان درۆیەکی گەورەیە ..منیش ئەڵێم عەشقیش درۆیەکی گەورەتر !..ببورە لێم ...

سلێمانی

دانــەر